سەرۆکایەتی بەرهائەدینی: بۆ ئۆپۆزسیۆن بون و هەڵبژاردنی جیاواز خوێنمان هەیە



ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئێمە بارەگاکانمان سوتێندراو بە فرەیی و ئۆپۆزسیۆن بون و هەڵبژاردنی جیاواز خوێنمان هەیە و لەهەمانکاتیشدا سەبرو ئارامیمان گرت و نەمان هێشت شەڕی برا کوژی و ناوخۆ جارێکی دیکە دروست ببێتەوە

سەرۆکایەتی محەمەد بەرهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان، بەیاوەری ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاوێزکاری باڵا و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و شواری ناوەندی و کاندیدانی حزبەکەی لە سنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، بەشداری کرد لە کەرنەڤاڵی سەرخستنی لیستەکەیان کە ئەمڕۆ پێنجشەممە لەشاری سلێمانی بەڕێوەچو.

سەرۆکایەتی محەمەد بەرهائەدین لە وتارێکدا ڕایگەیاند، سەنەوی ئۆپۆزسیۆن بون لە کوردستان بەناوی یەکگرتوی ئیسلامییەوەیە و پێش 20 ساڵ لەمەوبەر ئێمە بارەگاکانمان سوتێندراو بە فرەیی و ئۆپۆزسیۆن بون و هەڵبژاردنی جیاواز خوێنمان هەیە و لەهەمانکاتیشدا سەبرو ئارامیمان گرت و نەمان هێشت شەڕی برا کوژی و ناوخۆ جارێکی دیکە دروست ببێتەوە.

هەر لە وتارەکەیدا ئەمینداری گشتی یەکگرتو ڕونیکردەوە، "ئێمە میللەتی خۆمان خۆشدەوێت و

لەو پێناوەدا بۆ داهاتو دەمانەوێت ئەو دڵخۆشیانە بۆ خەڵکی کوردستان کەپشتیوانمان بن لەم قۆناغە، داواکارین لە هەڵبژاردنی ئەمنیەکان کە بەرپرسیارێتی دەزگاکانیان کە لەم ساتانە ناتوانن دەنگ بەرزبکەنەوە، بەڵام لەسەر سندوقی دەنگدان بەقەڵەم و مۆرەکەیان ویژدانی خۆیان ئاسودەبکەن و هۆبەوی ئەم ستەم و نادادیە ببینەوە تا زیاتر خزمەت بکرێت".